# هەرکەسێک پەیوەست بێت بە شتێکەوە؛ ئەوا بە ئەو شتە دەسپێردرێت

لە عبداللەی کوڕی عوکەیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێک پەیوەست بێت بە شتێکەوە؛ ئەوا بە ئەو شتە دەسپێردرێت».
[حەسەنە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک بە دڵی یان بە کردەوەکانی یان بە هەردووکیان پەیوەست بێت بە شتێکەوە و ڕوو لە ئەو شتە بکات وڕەجای هێنانی سوود ولابردنی زیانی لێبکات ئەوا خوای گەورەیە سپاردەی دەکات بۆ ئەو شتەی کە پێوەی پەیوەست بووە، ئەوەی خۆی پەیوەست بکات بە پەنا گرتن وپشتن بەستن بە خوای گەورە ئەوا خوای گەورە هەموو کارێکی قورسی بۆ ئاسان دەکات، بەڵام کەسێک پەیوەست بێت بە جگە لە خودا ئەوا خوای گەورە سپاردەی دەکات بە ئەو شتە وئەو کەسە سەرشۆڕ دەکات چونکە پەنای بۆ جگە لە خوای گەورە بردووە بۆ لابردنی زیان وهێنانی سوود.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6763

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee